# جەمال کۆچەر:دەبێت بە بانکیکردنی مووچە دەستپێبکات وەك ئەوەی حکومەتی عێراق دەیەوێت



ئەندامەکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵوێستی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەبارەت بە کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم ئاشکرادەکات و دەشڵێت، ”جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی گرفت بۆ مووچە دروستدەکات“.

جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند، دەبێت بە بانکیکردنی مووچە دەستپێبکات وەك ئەوەی حکومەتی عێراق دەیەوێت و بە بە بانکیکردنی مووچەش زانیاریی فەرمانبەران بە بانکی تی بی ئای بنەڕەت بە کردنەوەی هەژماری بانکی. راشیگەیاند، ئەگەر مووچە لە رێگای بانکە حکومییەکانی عێراقەوە بە بانکی نەکرێت هەر سکاڵایەك لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بکرێت کێشە بۆ مووچە دروستدەکاتەوە و جگەلەوەش لەدوا کۆبوونەوەمان لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق پێیراگەیاندین، ”ناهەوێت گرفت بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم دروستببێت“.